کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
17-2-2007 20:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز/نێچیرڤان بارزانی – سەرۆکی حکومەتی کوردستان، تکایە سنورێک بۆ ئەو بازرگان و مشەخۆرانە دابنێن!! ... کۆمەڵی رۆژنامەنووسی گەنج

جەنابی سەرۆك..
ئێمە سەرەڕای سەختی ژیان و گوزەران. وێڕای بێدادی و نایەکسانی، کە لەسایەیاندا نە خۆمان و نەخێزانەکانمان وەك مرۆڤ نـاژین و منالەکانیشمان هەمیشە خەون بە ژیانێکی خۆش و جلی جوان و یاری و نوقلانەی رۆژانە دەبینن و مانگانە مالی پەرپووتمان بەسەر پشتی تراکتۆرەوەیە و راکەی دوای دابینکردنی خانوی کرێمانە، هەندێکیشمان کە خێزانمان بەیەکەوە نەناوە لەهەرچی جوانی و چێژی گەنجێتی هەیە لێی بێبەشین و لەگەڵ ئەوەشدا سەرمان داوەتە سەر بەدەنگ هاتن لە مافی هاوڵاتیان. بەم حالە و زیاتریش بریارمان داوە هاوبەشی ناخۆشی و مەینەتییەکانی نەتەوەکەمان بین و پشت نەکەینە نیشتمان و لێرە بمێنینەوە و بمرین، لەو بریاری مانەوە و بەرگریکردنەماندا پەشیمان نین، بەڵام مانەوە لە سای ژیانێکی شەرافەتمەندانە و مردنێکی سەرفراز. مانەوەیەك لە ئاست بچووکترین خەوش و کێماسی و گەندەڵی دەسەڵات و کاربەدەستانی، بێدەنگ و دەستەوەستان نەبین. بە رەخنە خزمەتی ئەزموون و حکومەتی کوردستان دەکەین و هاوکار و هاندەری دەبین بۆ خۆ جوانتر کردن و ریفۆرم کردن لە هەناوی سیستەمی بەرێوەبردنیدا، رەخنەیەك جوانتری بکا و بکەوێتە سەرپێ و دوور لە تەشهیر و ناوزڕاندن و سوکایەتیکردن.
سەرۆکی بەرێز..
هەموومان و بە خودی بەرێزیشتانەوە کۆکین لە سەر بوونی گەندەڵی و پێویستە بەیەکەوە هەوڵی جددی بدەین بۆ ریشەکێشکردنی، بەڵام هاوکات ئێمەی رۆژنامەنووسی گەنج ئەو راستییەش دەزانین، کە بەتەنیشت کەمتەرخەمییەکانی حکومەت و کێماسی و بۆشاییەکانی، نێوەندێکی دیکەش کۆمەڵگای نقوومی گەندەڵی بیرکردنەوە و لادان کردووە، کە کەم تازۆر حزبەکان و دواتریش ئێوەی بەرێز بەشێکی بەرپرسیارێتیتان لە گەورەکردن و داڵدەدان وبەخێوکردنی ئەوانە دەکەوێتە ئەستۆ، ئەوانەی بازرگانی بە بەهاکانی رۆژنامەنووسی و رۆشنبیری و هونەری دەکەن و لەسای ماستاوچێتی و زمانلوسی خۆیان مشەخۆرانە لەسەر گیرفانی حکومەت و خوێنی شەهیدان و بەهرە و توانای کەسانی تر دەژین و خۆیان قەڵەو کردووە و دەکەن، ئەوانەی ئێستا و بەتایبەتی کە مەبەستمان بواری رۆژنامەنووسییە بوونەتە، یان باشتر بڵێین بە قودرەتی قادری حزب و حکومەت و هەندی بەرپرس لە ئێمە کراونەتە کوێخا و ریش سپی، جگە لەوەی دوور و نزیك شتێك بە پەیام و بەها و پرەنسیپی مۆراڵی کار و پیشەی رۆژنامەنووسی نایانبەستێتەوە، کەچی بەداخەوە ئەوە بەقەد تەمەنی حکومەت و ئەزموونەکەمان، هەر بە پیاوماقوڵی نێوەندەکە ماونەتەوەو لە بارەگاکانی حزب و حکومەتدا پرس و راوێژیان پێدەکری و تا بۆیشیان کرابێت و بکری بازرگانیان بە شوێن و پیشەکەیان کردووە و دەکەن.. !!
زۆر لەوانەی حزب و حکومەت و ئێوەی بەرێز دوێنی پشتیوانیتان کردوون و ئێستاش لە هاوکریکردنی ماددی و مەعنەویان بەردەوامن و بوونەتە هەمزاغای گۆڕەپانەکە، بووقی شەڕی ناوخۆ و زورناژەنی گەرمکردنی شەڕی براکوژی بوون، لەوەش زیاتر بازرگان و چەرچی عەیار بیست و یەکی زیرەکن و ساڵ نەبووە و نییە خۆیان لە پاڵ دەمامکی کار و پرۆژەی رۆژنامەنووسی دەوڵەمەند نەکەن. نزیکترین نموونەمان (حەمید ئەبوبەکر) ی میراتگری بەدرخانەکانە، ئەو کەسەی هەموو شت بێت رۆژنامەنووس نییە، ئەو کە لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ سەرنووسەری جوێننامەیەك بوو بە ناوی (....) درێخی نەکرد لە قوڵکردنەوەی برینەکانی شەڕ و ناشیرینکردنی زۆر کەس، ئەو کە لە بنەڕەتدا باشترین سوودی لەو پیشەیە وەرگرتووە و بازرگانی پێوە دەکات و بۆ رۆژێکیش لەسەر ژان و خەم و مەینەتییەکانی خەڵکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەنووسیوە و بوێری ئەوەی نەبووە لەبەرامبەر بێدادی و گەندەڵی حکومەت و حزب و کاربەدەستەکانی نوقە بکات و فزەی لێوە بێت، ئەو کە شەو نەبووە و نییە لەسەر خوانی بەرپرسێکی حزبی پێك لە چاوی کڵاو لەسەرنانی حکومەت و رۆژنامەنووسان نەنۆشی، شورەیی دانەهاتووە و شەرم لەوەش ناکات ساڵانە ببێتە سەرمەشقی یادکرنەوەی رۆژنامەگەری، ئەوە هەمووی بەلایەك، لەهەمووی گاڵتەجارِی تر ئەوەیە حکومەت وحزبێك بە زۆرینەی بەرپرس و کاربەدەستانی پشتیوانی دەکەن. ئەو بریار دەدات کی رۆژنامەنووسە و شایانی ئامادە بوونە لە فیستیفاڵ و یادەکاندە. ئەو حوکم بەسەر کەسەکان دەدەنە میوان و پشکدار بن. ئەو خەڵاتی لێوەشاوەیی بەسەر رۆژنامەنووسان دەبەشێتەوە. ئەو بریار دەدات کی مافی سەفەری هەیە یان نا، چونکە خوا کردوویەتی برادەرانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەبەر شەیدابیان بۆ سەفەر و گەران و گەشت، لەبەرامبەر حەمیدا وەك مناڵی شەرمن وان نەبادا دڵی برەنجی و ناویان نەخاتە لیستی ئیمتیازەکانەوە.. ئەوەش دەزانین کە بەرێزتان ئەوە بۆ ساڵی سێیەمە بە کۆش پارەی دەخەنە بەردەست بۆ سازکردنی بیرەوەرییەکە و ئەویش تورەگە بەسەر رۆژنامنووسان دابەش دەکات. حەمید کە رۆژنامەنووسی چاوکراوە نییە نەزانی و تێنەگات پیاوی کێیە و لە خوانی کی دەلەوەری!!لە هەمووشیان خۆشتر ئەوەیە خەریکە ببێتە وارسی شەرعی بەدرخانەکان و وەك کورِ و نەوەی ئەوان حسێب بکری، کە دەڵێین دوور و نزیك ئەو چەرچییە پەیوەندی بە پیشە و کاری رۆژنامەنووسی نییە و بازرگانێکی مەعلانە، ساجەترین نموونەمان ئەوەیە بۆ ژوانی بەرپرسێك و بەناوی دیداری رۆژنامەنووسی چووبوە بەغدا، لە پرێکا لە نێو بازارێکی بەغدا لۆریەکی ئیسفەنج دەبینی، کە نزیك دەبێتەوە و تێدەگات نرخی ئیسفەنجەکان هەرزانە، سی و دووی لێناکات ئیسفەنجەکان دەکری و دەیهێنێتەوە کوردستان بۆ فرۆشتن، کاکی بەرپرسیش تا ئێستا لە ژوانی دیدارەکەیدا چاوەرێی حەمید بازرگانە....!

سەرۆکی ئازیز..

ئێمەی گەنجی رۆژنامەنووس، نە نیازمانە بمانبەنە شوێنی حەمید و نە دەخوازین، سبەش لە رێگەی فەریکە رۆژنامەنووسە حزبی و گوێرایەڵەکانتان لە ناو سەندیکا، بۆ کۆنگرەی داهاتوو لە جێی فەرهاد عەونی و مچەی قەڵەمی دوێنێی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا داما بنێن. تەنها داواکارین سنورێك بۆ ئەو گەندەڵی و بازرگانیکردنەی ئەوان دابنێن و با ئیمتیاز و خول و گەشت بەگوێرەی ئامادەیی ئەکتیفانەی رۆژنامەنووسان و بەرهەم و کار و بەهرە و شارەزاییان بەسەر رۆژنامەنووسان دابەش بێت و چیتر ئەو پیرانەی لە دەست لە سنگدان زیاتر نازانن بۆ سەرکردە و حزب لە پێناو مانەوە و دابەشکردنی کوری ئیمتیازاتی ئەنجوومەن و خەڵکێکی وەك حەمید بازرگان ئاسا ریش سپی و پیاوماقوڵ نەبن!!

کۆمەڵی رۆژنامەنووسی گەنج

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.